

## پرۆفایل

کەتاوین ریاحی»، ناوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیە،کە لە نێوەندی هونەریدا بە «زولەیخا» ناسراوە، لە ١٩٦١/١٢/٣١، لە تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران لەدایکبووە و دەرچووی کۆلێژی ئادابە، لە یەکەم هەنگاوی بۆ هاتە نێو دنیای هونەر بەشداریی لە فیلمی «واشی»دا کردووە، پاشان بەشداری لە چەند بەرهەمی دیکەی درامی دەکات بە ناوەکانی «ژیانی رۆژانە»، «پێش باران بارین»، لە دیارترین ئەو بەرهەمانەی کە توانی ناوبانگێك لە دنیا دەربکات، بەشداریکردن بوو لە زنجیرە درامای پێغەمبەر «یوسف»، کە لەوێ رۆڵی «زولەیخا» دەبینێت و توانی وەك یەکێك لە ئەکتەرە بە سەلیقەکانی جیهان خۆی بناسێنێت.

### کەتایون ریاحی:

# کارێک ناکەم کاریگەریی سلبی لەسەر کاروانەکەم بکات

زۆر جار فیلمێك یان زنجیرە درامایەك کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بینەر دروست دەکات کە وەك خوویەکی لێدێ و دەبێ رۆژانە سەیری بکات، تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی زنجیرەکەش یەکێك لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی کارەکە کاریگەریی بەسەر جەماوەرە دەبێت، بە جۆرێك هەوڵ دەدات وردترین زانیاریی دەربارەی ئەم کاراکتەرە هەبێت، جا رۆڵەکە شەڕانگێزی بێت یاخود کەسێك کە نموونەیەکی بەرز بێت و بەدوای کاری خێرەوە بێت کە خۆشگوزەرانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەبێت، کاراکتەر (زولەیخا) لە زنجیرە درامای پێغەمبەر یوسف لای جەماوەر ناسراوە و بەر لەوەی کەتایۆن ریاحی بناسن زیاتر زولەیخا دەناسن و و بەم ناوەش بانگ دەکرێ و باس دەکرێ لە سەروبەندی پیشانگای ساڵانەی کتێب کە لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانی ساز دەکرێت، هاوکارمان زەردەشت محەمەد چاوی بە کەتایۆن ریاحی کەوت کە ئەویش ئامادەی پیشانگاکە بوو و گفتوگۆیەکی هونەری لە نێوانیاندا دروست بوو لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.

سەرەتا گفتوگۆکە لەبەر ئەوەی کە پیشانگای کتێب کۆی کردبوونەوە ئاسایییە ئەگەر بە باس کردنی خوێندنەوە دەست پێبکات، بۆیە کەتایۆن نەیشاردەوە کە کتێب خوێندنەوە بەشێکی گرنگی کاتی داگیرکردووە و لەم بارەیەوە زیاتر وتی: هەرکەسێك ئەگەر خوازیاری ئەوە بێت پەند وانە لە ژیان وەربگرێت پێویستە زانیاریی هەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیان و جگە لە نەتەوە و میللەتی خۆی پێویستە زانیاری دەربارەی نەتەوە و میللەتانی دیکەش هەبێت، دیارە باشترین و پڕ سوودترین سەرچاوەش بۆ ئەم زانیاریانە کتێبە، بۆیە من یەکێکم لەو کەسانەی زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەن، هەر کتێبێك ئەگەر بزانم زانیاری نوێی تێدایە و زانستم پێدەبەخشێت، بەڵام بە حوکمی ئەوەی خۆم هونەرمەندم، بێگومان ئەو کتێبانەی کە پەیوەندییان بە هونەرەوە هەیە گرنگییەکی تایبەتییان پێدەدەم لەوانەش دەقە شانۆییەکان و سیناریۆی فیلمە جیهانییەکان بۆ ئەوەی لە بواری هونەریدا دەوڵەمەندتر بم بە زانیاری.

زولەیخای هاوسەری پادشای میسر و عاشقەکەی یوسف پێغەمبەر یەکێك بوو لەو رۆڵانەی کە کەتایۆنی زیاتر بە جیهانی ئیسلامی لە دەرەوەی ئێران ناساند و بەو هۆیەوە بووە خاوەن ناوبانگێکی زۆر، لەم بارەیەوە کەتایۆن دەڵێ: رەنگە لەرووی چیرۆك و بەسەرهات و کاریگەریی بەسەر خەڵك رۆڵی زولەیخا جیاواز بێت، بەڵام لەرووی هونەرییەوە بۆ من هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەو رۆڵانەی پێشتر بینیومە، بەڵام وەك کەتایۆن بە حوکمی ئەو سەرکەوتنەی دراماکە بەدەستی هێنا و منی زیاتر ناساند ئەمە تا رادەیەك ئەرکی منی قورستر کرد، بۆیە رێگا بە خۆم نادەم کە رۆڵێکی دیکە ببینم ئەگەر بزانم کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو سەرکەوتنە و ئەو ناوبانگە لە رۆڵی زولەیخا بەدەستم هێنا، لەبەر ئەوەشە هەر کارێکم پێشکەش بکرێت زۆر بە وردی لێی دەروانم و چەند جارێکیش دەیخوێنمەوە و بە قوڵی بیری لێدەکەمەوە ئینجا بڕیاری لەسەر دەدەم.

خۆشەویستیی کەتایۆن بۆ هونەر وەك خۆی دەڵێت بێ سنوورە و بەردەوامی لە کاری هونەری بە مانەوە و ژیانی خۆی دەبەستێتەوە و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەو لە وڵاتێکدا دەژیت کە هونەری نواندن تێیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و ئەویش سوودی لەوە بینیوە، بۆیە دەڵێ: تا لە ژیاندا مابم لە کاری هونەریش بەردەوام دەبم و هەوڵ دەدەم خزمەتێك بە بواری هونەر بگەیەنم بەتایبەتی لە سینەمای ئێرانی کە لە ئاستێکی بەرزدایە و نەك تەنیا بۆ خۆمان بەڵکو میللەت و وڵاتانی دیکەش سوود لە ئەزموونی ئێمە وەردەگرن.

دەربارەی نزیك و ئەو پەیوەندییەی کە میللەتی کورد و ئێران لە یەکتر نزیك دەکاتەوە بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی یەکتر وەربگرن لە بواری هونەری (زولەیخا) دەڵێ: بەو پێیەی خاوەن کلتوور و هونەرێکی هاوبەشین و مێژوویێکی دێرین لە نێوان ئێمە و کورد داهەیە و لە رابردووشدا چەندین کار و پڕۆژەی هونەریی هاوبەش کراوە بۆ زیاتر برەودان بە پێوەندی نێوانمان و بەردەوامی پڕۆژە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کوردستان و ئێران نزیکمان دەکاتەوە، جگە لەوانەیش دوو وڵاتی هاوسنووری یەکترین و لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆر لە یەکتر نزیکین، سەرەڕای ئەوانەیش خاوەن یەك ئایینین و ئاشناین بە کەلتووری رەسەنی کوردییەوە.

سالانە سەنتەری لانەی هونەری فیستیڤاڵێکی هونەریی سازدەکات، بۆ کۆکردنەوەی کورتە فیلمەکان لە چوار پارچەی کوردستان، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئەگەر داوەتی ئەو فیستیڤاڵە بکرێت ئامادەیە سەردانی کوردستان بکات، کەتایۆن دەڵێ:

بە خۆشحاڵییەوە، هەر کاتێك لە پڕۆژە و کارێکی هونەریی کوردستان داوەت بکرێم، بێ بیرکردنەوەی دێمە هەولێر، بۆ ئەو فیستیڤاڵە هونەرییەی ئێوەیش کە لە ساڵی ئایندەدا بەڕێوە دەچێت، بێ شك ئامادە دەبم و بە خۆشەویستییەکی زۆریشەوە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەم، چونکە دەمەوێ لە رێگەی ئەو سەردانەمدا بۆ هەولێر، بە چاوی خۆم ئەو گەشەسەندنە ببینم، کە تەواوی لایەنەکانی ژیانی گرتووەتەوە، وەك هونەرمەندە هاوڕێکانم باسی لێوە دەکەن، کوردستان ئێستا خاوەن کەشێکی ئارامە و لە رووی بیناکارییەوەش گەشەسەندێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە ئەمەیش مایەی دڵخۆشییەی بۆ ئێمە، جگە لەوانەیش ئەو خەڵکە هونەردۆستەی کە بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە دەڕواننە کار و بەرهەمەکانی ئێمە لە بواری هونەردا.



# مەهناز: ناکرێ کەسانی ناشارەزا مەقام بڵێن



کچێکــی بە توانایە لە بــواری میدیادا، بەتایبەتی میدیای بینــراو، بەڵام لە میدیاوە رووی لە گۆرانی گوتن کرد، ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوەی بێت کە ڕاگەیاندن و هونەر لە یەکترییەوە نزیکن و پەیوەندییەکی باشیان بە یەکەوە هەیە، مەهناز کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستــانە و ئێستاش لە ئەورووپا ژیان بەســەر دەبات، خۆشەویستییەکی زۆری بۆ هونەر هەیە و حەز دەکات تواناکانی لەم بوارەشدا بخاتە گەڕ.

مەهناز شارەزابوونی هونەرمەندان بۆ مەقام گوتن بە پێویستی دەزانێ، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ناکرێ هەر کەسێك هاتە نێو بوارەکە یەکسەر دەست بە مەقام بکات و لەم بارەیەوە دەڵێ: بێگومان مەقــام قوتابخانەیەکی ئێجگار گەورەیە، ڕابردوویەکی زۆری هەیە، هونەرمەندە گەورەکانمان توانیویانە ئەو قوتابخانەیە دروســت بکەن، بۆیە گوناهە ئەو کەسانەی کە لە ســەرەتای کاروانی هونەریدان بەشێوەیەکی ناشارەزاییانە بێنە ناو مەیدانەکەوە و مەقام بڵێــن و مەقامەکەیان تەنیا ناوێک بێت بەبێ ناوەڕۆک، بۆیە من زۆر بە وردی خۆم لە مەقام دەدەم، چونکە وتنی مەقام چەندین مەرجی هەیە، بۆیە لە ئێســتادا ناتوانم بڵێم من مەقام بێژم، بەڵکو مەقامات قوتابخانەیەکی گەورەیە و پێویستە هەموومان زۆر بە وردی کاری لەسەر بکەین.

ژیانــی ئاوارەیــی و دوورە وڵات زۆر جار مرۆڤ ناچار دەکات کە واز لە زۆر لە حەز و ئارەزووەکانــی خۆی بهێنێت بۆ ئەوەی بژێوی ژیان پەیــدا بکات و خۆی لەگەڵ ژینگە و کەســانی دیکە بگونجێنێت، لەو بارەیەوە مەهناز دەڵێ: راســتە من خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردســتانم، بەڵام لە ئاوارەیی چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، لە کامپ تەمەنی منداڵییم بەڕێ کردووە، چەند ســاڵێکیش ژیانمان لە وڵاتی تورکیا بردۆتەسەر، ماوەی چەند ساڵێکیشە لە وڵاتی ســوید دەژیم، بۆیە دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخســاوە لە بواری هونەری گۆرانی و موزیــک بخوێنم و ئەکادیمییانە بێمە بوارەکەوە، بەڵام ئەمە بەرنامەی داهاتووی ژیانمە و بەپێویستم زانیوە هەوڵی بۆ بدەم .

# ئەمانی بە کێی گوتووە خۆشمدەوێیت؟



ئەمانی سویسی ئەو کچە تونسییە رووح سووکەیە کە سەرەتا لە بەرنامە هونەرییەکانی دۆزینەوەی بەهرە هونەرییەکانەوە دەســتی پێکرد و، دواتر توانی بۆخۆی ڕێچکەیەکی تایبــەت بدۆزێتەوە و ببێتــە یەکێك لە هونەرمەندە خاوەن جەمــاوەرەکان و ئەگەرچی خەڵکی تونسیشە کەچی لە میسر ناوبانگی دەرکرد و ناسرا.

سەبارەت بە گۆرانییەکانی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی تێکست و ئاواز ئەمانی دەڵێ: من هەمیشــە ئەو گۆرانییانە هەڵدەبژێرم و خۆشمدەوێن کە هۆنراوەکانیان بەلای جەماوەرەوە ئاســان بێت، بۆ ئەوەی هەر زوو جەماوەر خۆشی بوێن، بە جۆرێك زۆرترین کەس خۆی لەو گۆرانییانەدا ببینێتەوە و زۆر لە واقع نزیك بن، هەروەها بەر لە تۆمارکردنی و رازی بوون بەو گۆرانییە لەگەڵ چەند کەســێك راوێژ دەکەم کە پسپۆڕ و شارەزان لە گۆرانی وتــن بۆ ئەوەی گۆرانییەکانم بــە زیندوویی بمینێتەوە، نەك دوای چەند مانگێك کەس لــە بیری نەمینێ و ون بێت، چونکــە بەداخەوە زۆربەی ئەو گۆرانیانەی دەیانبینین و دەیانبیستین گۆرانی کاتین و ناتوانن لەنێو جەماوەردا بمێننەوە.

زۆر جار هونەرمەند هەیە دەیەوێ لە ڕێگەی گۆرانییەکی خۆیەوە پەیامێکی تایبەت ئاراســتەی کەســێکی دیاریکراو بکات کە بۆ ئەو زۆر گرنگە، ئەمانیش گۆرانییەکی بەو شــێوەیە وتووە و لەو بارەیەوە دەڵێ: لە یەکێك لە گۆرانییەکانم هەوڵمدا پەیامێکی تایبەتی خۆم ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو بکەم کە زۆرم خۆشدەویست سەرەتا نەمزانی ئامانجــی خۆم پێکا یان نا، بەڵام دواتر دەرکەوت کە گۆرانییەکە کاریگەریی بەســەر کەسەکەوە هەبووە و پەیامەکەی منیش وەك چۆن خۆم دەمویست بەو شێوەیە گەیشت.

ئەمانــی پێیوایە ئیرەیی و رکابەری رووخێنــەرن و دوورن لە هونەر و زۆر جار دەبێتە نەخۆشی و شیزۆفینیا لای هەندێك کەس بۆیە هەوڵەدات بە هەموو شێوەیەك لێی دوور بێت، دەربارەی قسە کردن و لێدوانی هونەرمەندان و کاریگەرییان بەسەر هونەرمەندەوە دەڵێ: بێگومان هەر قسەیەك هونەرمەند بیکات، کاریگەری خۆی هەیە، چونکە هونەرمەند لە کۆمەڵگەدا ناسراوە و هەموو خەڵك دەیناسن و ئاگاداری ورد و درشتەکانی ژیانی دەبن، کەســی بەناوبانگ هەموو خەڵك لەسەر وشەیەك، یان ڕەفتارێك موحاسەبەی دەکات و، لەهەر قسەیەك، یان ڕەفتارێکی هەڵە خۆشەویستیی لەدڵی خەڵکدا کەم دەبێتەوە، ئەمەش مایەی مەترسییە بۆی چونکە جەماوەر پێوەری سەرکەوتنە.

# جۆرج کلۆنی لە یاریزانی بێسبۆڵەوە بۆ بەناوبانگتری ئەستێرەی سینەما



جۆرج کلۆنی لە ساڵی ١٩٦١ لە دایکبووە و لەلایەن جەماوەرە بە یەکێك لە سەرکەوتووترین و خۆشەویستترین ئەکتەرەکانی هۆلیۆد دادەنرێت ، کوڕی هەریەکە لە ڕۆژنامەنووس نیك کلۆن و نمایشکاری پێشووی جلوبەرگ نینا کلۆنییە.

سەرەتا بە یاریی بێسبۆڵ دەستیپێکرد، ئینجا رووی لە نواندن کرد، چونکە پێشتر ئەزموونێکی هەبوو و یەکەم دەرکەوتنیشی لە تەمەنی پێنج ساڵی بوو لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە بەرنامەیەك کە باوکی پێشکەشی دەکرد، بەڵام دواتر تا تەمەنی ٢٠ ساڵی هیچ دەرکەوتنێکی نەبوو.

دەرکەوتنی و ناسینی زیاتر لە بواری تەلەفزیۆن بوو گرنگترین کارەکانیشی زنجیرە درامای ER بوو کە ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بوو و بە پردی گەیاندنی دادەنرێت بۆ دەرکەوتن و درەوشانی ئەستێرەی بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی کە پێشکەشی کرد لە بینینی ڕۆڵی دکتۆر دۆگلاس روس کە پزیشکێکی منداڵان بوو، هەروەها لە زنجیرەی Sisters ڕۆڵی لێکۆڵەر جیمس فالکۆنیر کە ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو.


سەرەتای راستەقینەی کلۆنی لە سینەما دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ کاتێك بەشداریی لە فیلمی کۆمیدی ترسناك (From Dusk till Dawn)دا کرد لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەستێرەی سینەمایی وەك سەلما حایك و هارڤی کیتیل و کوینتین تارانتینۆ کە دەرهێنەر و ئەکتەر بوو لە یەك کاتدا.

لە سەرەتای ئەم ساڵ لە سوپرایزێکدا کلۆنی پەیوەندی هاوسەرگیریی خۆی و کچە پارێزەری لوبنانی ئەمەل عەلەمەدین راگەیاند، بەمەش کلۆنی دەستبەرداری نازناوی بەناوبانگترین سەڵتی هێنا و ژیانێکی نوێی دەستپێکرد.

# (رووەو چیا، بەرەو شۆڕش)
# (٤)

## ئەو ساتانای ناسڕێنەوە

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



هەموومان بە دڵێکی لێوان لێوی کەف و کوڵ و جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕییەوە بەرەو ناوپردان چووین، بارەگای ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان بوو، چەند ژوورێکی ساکار و ژمارەیەك خێوەتی بەمبەر و ئەو بەردا، بایەکی گوێتەزێن و خورەخوڕ و قەڵبەز و تاقە تای ئاو چەمەکە و بنیراوی بەردەوامی پێشمەرگە و چەك و چیا و ئاخافتنی سەرجەم دەڤەرەکانی کوردستانی یەکپارچەی لە کەشی شۆڕشی مان یان نەمانی بارزانی باوکی کوردا نەخاشاندبوو.

بە گەیشتنمان دەستەملانی و گەشاندنەوەی روخساری هونەرمەندان بوو.

پێشوازییەکی گەرممان لێکرا و، لەبەر خنجیلانەیی ژوورەکان، تەنها داوای چوونە ژوورەوەی سەرۆکی گرووپ و تیپەکانیان لێکردین، شەهیدی نەمر کاکە(دارا توفیق) بە دڵ و گیان بەخیرهاتنێکی وەهای لێکردین، گشت ماندووبوون و هەڵبەزە و دابەزەی ئەو رێگە دوور و درێژ و سەختەی لە بیر بردینەوە.

بەپێی پێکهاتەی ئەو حکومەتەی شۆڕش، ئێمە خراینە سەر بەشی رۆشنبیری و هونەر، واتە هەر چۆن تیپی مۆسیقای شۆڕش، ئێمەش گرووپی شانۆ و سینەما، هەروەها گرووپی شێوەکار تیپی هەبوون، کە خوالێخوشبوو کاکە(تەلعەت نادر) بەرپرسی بوو، هەروەها (کاکە مەم و مەخری بۆتانی) راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکردین.

سەرجەم ناوەکانیان تۆمارکرد و هەر یەکەش بەپێی کار و پیشەیان بڕوانامەی خوێندنی مووچەی بۆ دەستنیشانکرا و دەسبەجێ باخەڵیان گەرمکردینەوە. ئەو سێ چوار کەسەی سەرۆکایەتی تپیەکانمان ئەکرد، سەرەتا یەکێ تفەنگێکی (غەدارە)ـەو چەند پاکەتێ فیشەکیان داینێ، پاشان بۆم دەرکەوت ئەو جۆرە چەکە لەلای خەڵکەکە مایەی مەترسی بوو، گوایە بەر هەر شتێ بکەوێ، ئەو سی فیشەکەی ئەتەقێنێ، بەش بە حاڵی خۆم لەو بڕوایەدا نەبووم، بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ کاك(نوری وەشتی) و کاك(عومەری عەلی ئەمین) .. سەردانی زانای کورد(د. کەمال مەزهەر)مان لە ئازادی کرد، لە گەڕانەوەدا لامان دایە چایخانەیەك، هەر کە دانیشتین، هێشتا داوای دیشلەمەیەکم نەکرد بوو، یەك دوانێ هاواریان کرد:

مامۆستاگیان چاکییەك بکەو لوولەی ئەو دەعبایە بکەرە دیوارەکە، مەترسیدارە هاکە ریزی لێکردین.

: کاکە ئەوە ئامانی نییە.

: میسرییە، ئاخر میسر و تفەنگ کوجا مەرحەبا -

: بەخوا ئەو میسرە، هەر خوا دایناوە بۆ راقیسە و ماقیسە..

ناچار هاتمەوە قسە و خۆم پێ نەگیرا: براینە خواتان بێ ئێوە، هیچتان تیا نەهێشتەوە، میسر قیبلەگای رۆشنبیری و زانستی وڵاتانی عەرەبە و شوێنی مەزنە ئەدیبان و هونەرمەندانە.

لە گەرمەی ئەم چەندو چوونانەدا بووین، زرمەی ناپاڵم

هەستا، دنیای کردە دۆزەخ! و بوو بەهەرا.

: خۆتان بگەیێننە کونە تەیارەکە.

: ئـەو رۆژانە ئەگەر بوردوومانـــی رادیۆکە نەکا خوا ئەیگرێ.

: ئەی بە قوربانی دەستتان بم پێشمەرگەکانی سەر تۆپە تەیارە شکێنەکان، چاکیان هەڵبڕی، ئەو ئاسمانە بێ سەر و سەرحەدەیان لێکردە کونەمشک، چەرمە چوولەکە.

: ئەوە تەیارەی سۆخۆی رووسیە.

: کاشـــکای سۆڤیەتیش لە بری ئەو فڕۆکە جەنگییانە راقیسەی بناردایە.

هێندەی نەبرد، هەموو شـــتێ ئاسـایی بووەوە، هەروەك هیـــچ لە گۆڕێ نەبووبێ، کابرای چایچیش رادیۆیەکی بەلای گۆێیەوە نابوو، بە زەمق و هەمە جۆر شـــت پێنەوە پەڕووی کردبوو، چەند هەنگاوێ لە ئێمە دوور کەوتبووەوە پەرۆشی هەواڵی رادیۆکە بوو.

: چاك ئەم هانی هاتییە سەگ بابە لێمان بۆتە بەلا و دڕکی مەم و زین.

لە نزیك چایخانەکەوە جێبێکی سەوز بۆ نەفەر وەستاوە، خێرا هەتا جێگەیان نەگرتووین تیادا قیت بووینەوە، لە رێگە لەولا ناوپرادنەوە ئەوەی باری ســەرنجی راکێشاین ئــەو وێنەیەی بارزانـــی نەمر بوو، کـــە برادەرێکمان بە قەوارەیەکی گەورە کردبـــووی، نەمابوو، ناچار کەوتینە پرسیار: ئەرێ هەڤاڵ ئەو وێنەیە جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ نەماوە؟!

وەڵڵا بەر لەو بـــرادەرێ هاتە وەرام: ئەوەی من ئاگادار بووم جەنابی بارزانی لێرەو بە سواری جێب قەمەرەکەیەوە تێدەپەڕی، کە وێنەکەی بینی، زۆر تووڕە و گرژ بوو، بە پێشمەرگەکانی فەرمو: هەر ئێستا لایدەن و مەیهێڵن، هەتا خـــوارەوە دەچم و ئەگەڕێمەوە، خوام لەو خوایەی ئەو وێنەیە مابێ، بۆ وێنەی من هەڵئەواسن، تەنها و تەنها پێشمەرگە شایســـتەی شـــکۆمەندی و بەرزنرخاندنە، من هیچم لەو هەزارەها پێشـــمەرگەیە زیاتر نییە، دەستبەجێ ئەو رووداوە و هەڵوێستێکی لەو شێوە خۆنەویستییەی بارزانی نەمرم بۆ هەڤاڵەکانم گێڕایەوە:

پاش شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ، رێگەدرا بارزانی نەمر لە یەکێتی ســـۆڤیەتی بگەڕێتەوە کوردستان، نەك تەنها کورد و کوردستان، بگرە ســـەراپای عێراق لە خوار بەسرەوە هەتا ئەمســـەر و ئەوســـەری وڵات بە جۆش و گوشادییەوە لە پێشوازی، قارەمانی سەربەرزی گەلەکەماندا بوون، پاش داب و نەریتی بە خێرهاتنەوە و پەیمان نوێکردنەوە بۆی، کە شوێنی حەوانەوەی لە هوتێل(سندباد)ی سەر شەقامی (ئەلرەشید) ی بەغدا بوو، ســـەردانی شارەکانی کوردستانی کرد، کاتێ بەرەو شـــاری ســـلێمانی هات، بڕواناکەم کەسێ لە ناوشارا مابـــێ، هەمووان رێگەی شـــاریان تەنی بوو. ئەو دەمە لە خـــوار بارەگای لقی (٤) ، (پ.د.ك) چۆڵەوانی بوو، ئێمە لەو بۆنەیەدا کە ســـاڵی (١٩٥٩) بوو، کوروکاڵی گەرەکی چوارباغ گەیشتبووینە گردەکەی ماڵی (پارێزگار) کە ئەوسا تەنها دارســـتان بوو، لە نێوان تەوژم و شەپۆلی وتنەوە(بابی کوردانە بارزانی) گەیشتە ماڵی خوالێخۆشبوو(شێخ لەتیف حەفید) کە دۆســـتایەتییان لە ســـەردەمی شێخی نەمرەوە گیانی بە گیانی بوو. دەســـتە دەستە نوێنەرانی رێکخراو و پیشەو پێکهاتەکانی شار دەچوونە خزمەتی، ئەوەی بەرپرسی رێورەســـمی پێشـــوازییەکە بوو، هونەرمەند(شێخ مستەفا بەرزنجی) دەســـت زێڕین بوو، بۆ دەربڕینی ئەو گشـــت هەستە خۆشەویســـتییە، پەیکەرێکی جوانی کەللە سەری بارزانـــی نەمری کردبوو، بردییە خزمەتـــی، بارزانی نەمر وەریگرت و دای بە زەویدا و بەهەمان شـــێوەزار فەرمووی: من پەیکەرم ناوێ، بۆ ئەوەی بکەن گیانی کردۆتە قوربانی سەرفرازی گەلەکەی.

ســـەبارەت بە بڕیارەکانی کارکردنمـــان و جێگەو رێگە و پێداویســـتییەکانم دەبوو ســـەردانی هەڤاڵان بکەینەوە، بۆیە جارێکی دیکە گەڕاینەوە ناوپردان.

بارەکـــە ئاســـایی نەبـــوو، هەر لە ســـەر ئەو راســـتەو رێگەیەی تەنیشـــت بـــارەگای راگەیاندن، شـــوفێری ئەو جێبە ئەمریکییەیان کوشـــتبوو، کە رۆژێ لەوەو بەر ئێمەی گەیاندبوو، خێرا بکوژەکەیان باڵبەست کرد و بە سەرپەرشتی پێشـــمەرگەی هەرە ئازا(عەریف حەمید) لێکۆڵینەوە لەسەر رووداوەکە کـــرا، زانرا ئەمە بەری ســـاڵەهایە و منداڵێکی خزمی بکوژەکە ئۆتۆمبێلی، ئەم شوفێرە شێلاویەتی، پاش ئەوەی بە رێکەوتنی عەشایەری هیچیان لە نێواندا نەماوە، بکوژ دەرفەتی هێناوە، لەو شوێنە گرنگەدا و بە بەرچاوی دەیان پێشـــمەرگەوە، ئەو تاوانەی کردووە، گوایە(شاری بێ حاکمە)، بەڵام دەســـتبەجێ کە هێشتا خوێنی قوربانییەکە وشك نەبووبووەوە، بە بەرچاوی هەموانەوە بە سزای رەوای گەیێنرا. ئەمە بووە باشـــترین وانە بۆ هۆشـــیارکردنەوەی خەڵکی، کە شـــۆڕش ناهێڵێ و هەقی کەس بەسەر کەسەوە بڕوات، یەکێ لە هۆکارەکانی توند و تۆڵی و هێز و گوڕی شۆڕشـــی ئەیلول، ئەو دەزگا هۆشیار و بەئاگایە بوو، کە هەمیشـــە ئێشکچی سەر و ماڵی گەلەکە بوو، بۆیە ئەگەر لەســـەر رێگەدا زێڕ هەڵڕێژدرابە، کـــەس بیری لە بردنی نەدەکردەوە.

وابزانم زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم شۆڕشی ئەیلول مەزنترین قوتابخانەی دادانی رەوشتی گیانبەخشانی کوردستان بوو.

لە دیدارێکی شەهید مامۆستا(ســامی عەبدولڕەحمان) دا کە گفتوگۆمان لەســـەر ئەو رەوشتبەرزییەی پێشمەرگە ئەکرد، گێڕایەوە: جارێك دەســـتەیەك پێشـــمەرگە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکا بە رێکەوت بەلای چەمێکا رادەبوورن، لەو دەمەدا چەند ئافرەت خۆیان دەشـــۆن، یەکێ لە کیژەکان هـــاوار دەکات: ئەو پیاوانـــە هاتن، دایکێکیـــان ئارامیان دەکاتەوەو دەڵێ: مەپەشـــۆکن، ئەوانە بـــرا و کوڕەکانمانن، ئەوانە پێشمەرگەی بارزانین.

بەڵێ بارزانی نەمر کوردســـتانی کردبـــووە یەك خێزان، بەخۆڕایی ناڵێین شۆڕشی ئەیلول تاجی شانازی شۆڕشی ئازادیخوازییە.

**بارزانی نەمر فەرمووی: تەنها و تەنها پێشمەرگە شایستەی شکۆمەندی و بەرزنرخاندنە، من هیچم لەو هەزارەها پێشمەرگەیە زیاتر نییە**

**زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم شۆڕشی ئەیلول مەزنترین قوتابخانەی دادانی رەوشتی گیانبەخشانی کوردستان بوو.**